یوسف عیزەدین

# دیوێکی دیکەی حەکایەتە نەنووسراوەکان

## ڕۆمان



یوسف عیزەدین
دیوێکی دیکەی حەکایەتە نەنووسراوەکان
ڕۆمان



(شەهموز) پاش ئەوەی یەکەیەکە دەست دەخاتە سەرشانیان، دەڵێت(ئازیزانم، پێویست ناکات بسلەمێنەوەو بترسن، چونکە ئەو ڕووبارەی کە لەڕۆخەکەیدا ڕاوەستاون، یەکێکە لەڕووبارە پیرۆزەکانی دنیا، لەپشت ئەو شوێنەوە کەتۆزێك لەمەوپێش، بینایی لێڵو تەلخ کردن، بێگومان بەهەشتێکی جوانو بێگەرد هەیە، کەناشێتو ناکرێت بەو هەموو گوناهەوە کە لەژیانماندا کردوومانە، گوڵو گوڵزارو دارو درەختو دەوەنە سەرمەدییەکانی نێوی ببینین، دەبێت لەهەردوو بەری ڕووبارەکەداو بەرامبەر بەیەك دوو پەرستگای هاوشێوەو لێکچوو دروست بکەین. پاشان کەسانێکی دەمووچاو نورانیو دەروون پاك لەشوێنێکی تری دنیاوە بهێنینە ئێرەو ئیشوکاری هەردوو پەرستگاکەیان بدەینە دەست. دەبێت سەرجەم دوعاکانمان فێربکەنو ئێمەش پەیتاپەیتا لەدوویان بیلێینەوە، بەڵکو یەزدان لەگوناهەکانمان ببوورێتو لەناوەوە پاکببینەوە. ئەوە باش بزانن یەزدان بەخۆڕا ئێمەی لەتۆفانو گەرداوی دەریاکە ڕزگار نەکردووە، دەبێت ئەم دوورگەیە ئاوەدان بکەینەوە.